هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 39

ساڵی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2007

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24ل125

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577

هونەرسازییەکە لە کارێکی هونەرسازیی دیکەوە وەرگیرابێ کە بە حوکمەکانی ئەم یاسایە پارێزراو بوو بێت، ئەوا دانەری کاری یەکەم بە هاوبەش لە قەڵەم دەدرێت لە دانانی کارە نوێیەکەدا.

ماددەی حەوتەم: دانەری کاری هونەرسازیی (سینەمایی، یان شانۆگەری، یان تەلەفزیۆنی یان رادیۆیی...هتد)، ئەو کەسەش کە دیالۆگەکەی (حیوار)ی کردووەو، ئەوەش کە دیالۆگ (حیوار)ەکەی بۆ داناوەو، ئەوەش کە دەریهێناوە: هەموویان پێکەوە مافی پیشاندانی موصنەفەکەیان هەیە، لەمەدا، نە خاوەنی کارە ئەدەبی، یان فیکری، یان زانستیەکە کە ئەم کارەی لێ وەرگیراوە و، نەدانەری مۆسیقاکەش مافی نارەزاییان نییە، بە مەرجێ ئەو پیشاندانە لە مافی ئەم دوو کەسەی دوایین لانەدات کە بەسەر دانانی کارەکە و دانانی مۆسیقاکەوە دەیانکەوێ و، زیانیش لە ناوبانگیان نەدات. هەریەکەش لە دانەری بەشە ئەدەبی و بەشە فیکری و بەشە زانستی و بەشە مۆسیقییەکەش، مافی لەو کارە هونەرسازییەدا ئەوەیە کە بەشەکەی خۆی لە رێگایەکی دیکەی غەیری سینەما یان تەلەفزیۆن یان شانۆ یان رادیۆییەوە بلاّوبکاتەوە ـ ئەگەر جۆرە رێککەوتنێکی دیکەیان لە نێواندا نەبووبێ ـ.

ماددەی هەشتەم: ئەگەر یەکێك لەوانەی کە بە هاوبەشی کارێکی هونەرسازیی سینەمایی، یان شانۆیی، یان رادیۆیی، یان تەلەفیزیۆنی دادەنێن رازی نەبوو بەشە تایبەتەکەی خۆی تەواو بکات، ئەوە رێگا لە هیچ کام لە بەشداربووەکانی دی ناگرێ، کە بەشە نیوەچڵەکەی ئەویش بەکاربهێنن، بە مەرجێ مافی دانەری موصەننەفە فیکری یان ئەدەبی یان زانستییەکە کە لەو بەشەدا دەیکەوێ، پێشێل نەکرێ، چونکە لە دانانەکەدا هاوبەشی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پرۆژەیەکی گرنگە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی مافی مرۆڤ و گشت ئەندامان دەکرێت، بەنیسبەت لیژنەکانەوە بۆ نووسینی راپۆرت، بەنیسبەت ئەندامانەوە خۆ ئامادە کردن بۆ موناقەشەکەی، خاڵی دە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30، ژمارە (1133) لە 1982/9/2 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە لایەن کاك تارقەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سلاّو و رێز.

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەی هاوپێچمان بەناوی پرۆژەی یاسای راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30 و، ژمارە (1133) لە

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/3

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کریم مجید شریف لە لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی دەست لە کارکێشاو بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30، بڕیاری ژمارە (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن کە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەرزش و لاوان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (13) ساڵی 1980 لە 2006/12/11دا بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

ئەندامانی بەڕێز قەرار بوو ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان سەعات (10،30) دەست پێ بکات، بەڵام دوای دەخەین سەعات و نیوێك لەبەر ئەوەی خەبەرێکی ناخۆش هەیە، چونکە ئەندامی پەرلەمان شەعبان تووشی حادیسەی سەیارە بووە، سەیارەکەی تەقیتەوەو خۆی لە بەنزیخانەش داوە، خەبەر هەیە کە دەڵێن وەفاتی کردووە، ئینشائەڵلا راست نییە، ئەگەر راست بێت ئەوە جەلسەکەمان دوا دەخەین تا دوو شەممەی داهاتوو، ئەگەر راستیش نەبێتن سەعات و نیوێکی تر دادەنیشین و کۆدەبینەوە لێرە، زۆر سوپاستان دەکەم بەخێر بێن.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، سەرەتا ئەو خەبەرە راست دەکەینەوە کە پێشتر داوامان کرد جەلسەکەمان دوابخەین، خۆشبەختانە ئەندام پەرلەمانی کوردستان کاك شەعبان سەلامەتە، خەفیف بریندار بووە، یەك لە پێشمەرگەکانی شەهید بووە، دوو، سێ کەسی تریش بریندارن ئینشائەڵڵا چاك دەبنەوە، داوای شیفا بۆ کاك شەعبان و بریندارەکان دەخوازین بە حادیسەی سەیارەی رێگا بووە، ئەلحمدلله سەلامەتە ئینشائەڵڵا چاك دەبنەوە، بە زووترین کات دەگەڕێنەوە پەرلەمان و بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی مادده 20 لە پیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق،دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (12,30)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/4/3 بەم شێوەیە بێت:**

**1-دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کریم مجید شریف لە لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی دەست لە کارکێشاو بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30، بڕیاری ژمارە (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە، کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای لێبوردن کە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پێشنیاز کراوە.**

**4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەرزش و لاوان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (13) ساڵی 1980 لە 2006/12/11دا بۆمان هاتووە.**

**خاڵی یەکەم/ بەنیسبەت دانانی ئەندامی بەڕێز کریم مجید شریف لە لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی کشتوکاڵ، بەنیسبەت لیژنەی یەکەمەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بەنیسبەت کاك کریم مجید شریف ببێتە ئەندام لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە جێگای ئەندامی پەرلەمانی دەست لە کارکێشراو بەڕێز رفعەت عبدالله حمەڕەش، بۆ ئەم لیژنەیەش دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ رازییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس ئیعتیرازی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا کاك کەریم دەبێتە ئەندامی هەردوو لیژنەکە، ئومێد دەکەین سوود بەخش بێت و لیژنەکانیش سوودی لێ وەربگرن و سوپاسی دەکەین.**

داوا لە ئەندامانی راسپێردراو لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، بەخێر هاتنی بەڕێز ماموٚستا سەعد دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، کە لەگەڵماندا بەشدارە لەو کۆبوونەوەیە زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم پرۆژەکە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە کوردی کاك کەریم بەحری دەیخوێنێتەوە لەسەر پرۆژەی راگرتنی کارکردن بە هەردوو بڕیاری ژمارە (1631) و (1133) لە سالأنی 1980 و 1982 کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەرچووە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان هەڵسا بە لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژە بڕیارەی کە هەر دوو بڕیاری ژمارە (1631)ی رۆژی 1980/10/30و ژمارە (1133)ی رۆژی 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاو لە کوردستاندا لە کار دەخات، کە پاش خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەماندا رۆژی 2007/3/27 بۆمان رەوانە کراوە، دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوەش لیژنە راپۆرت و راسپاردەی خۆی لە بارەیەوە بە کۆی دەنگ وەك ئەمەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

لیژنەی یاسایی سەر لە بەری پرۆژەکە تەئید دەکات، چونکە ئەو دوو بڕیارە لە بارودۆخی جەنگی نەگبەتیی عێراق – ئێراندا دەرچوونەو هۆکارو هەلومەرجی سەپاندنیان نەماوەو ئەو سزایانەش کە تێیاندا هاتوون، لەگەڵ گەورەیی ئەو (جورمە) لە بارودۆخی ئاساییدا هیچ عەدالەت و هاوسەنگییەکیان تێدا نییە.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و دەقی ئەسڵی پرۆژەکە و رای لیژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژکردن و دەربڕینی رای گونجاو لەسەری. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك تەوزیح بدە بۆ ئەوەی مادده بە مادده موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی جەنگی عێراق و ئێرانەوە بە هەردوو بڕیاری ژمارە (1631) لە 1980/10/30 و، ژمارە (1133) لە 1982/9/2ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق هەڵوەشاوە (مجلس قیادة الثورة المنحل) سزای تاوانی دزی کە لە ماددەکانی (440 و 441 و 442 و 443) لە یاسای سزاکانی عێراقدا

هاتووه كرد به سزای له سێدارەدان، واتا (اعدام) بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە، بەلأم دوای جەنگەكان پێویستە ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنەوە، چونكە هۆكارو دۆخەكە نەماوەو، سزاكانیش لەگەڵ بارودۆخی وەزعی ئێستای كوردستاندا ناگونجێت، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسایی ئەو پرۆژەیەی ئامادە كرد و پێشكەشی پەرلەمانی كرد، هیوادارین برادەران پاش ئەوەی ئەو مولاحەزاتانەی كە پێشكەشمان كرد پشتگیریمان لێ بكەن و پەسندی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ شوكریە خان فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای من بەرامبەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی، كە دەڵێت لیژنەی یاسا سەر لەبەری پرۆژەكە تەئید دەكات، وشەی تەئید دەكات بە رەئی من جوانترە بڵێ بەلاوەی دەنێت، یەعنی رەفزی پرۆژەكەی مەجلیسی قیادەی سەورەی كردووە، جا لێرە كە دەڵێت تەئید دەكات، یەعنی چی تەئید دەكات، پرۆژەكە خۆی لەسەرەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرۆژەكە تەئید دەكات كە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان تەقدیم كراوە بۆ ئیلغا كردنی ئەو قەرارە، زۆر وازیحە، تەقریری نووسیووە لەسەر خودی راپۆرتی ئەو لیژنەیە، با بڵێین ئەو ئەندامانەی پەرلەمان داوایان كردووەو ئیمزایان كردووە، پرۆژەیەكیان تەقدیم كردووە بۆ ئیلغا كردنی ئەو قەرارەی مەجلیسی قیادەی سەورەی لەوناچوو، ئەوان تەئیدی ئەو پرۆژەیە دەكەن كە لە لایەن ئەندامانەوە هاتووە، بۆیە زۆر وازیحە، ئەگەر خاڵی نیزام نییە لەسەر خاڵی یەكەم موناقەشە دەكەین، كێ قسەی هەیە لەسەر خاڵی یەكەم فەرموو كاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رای من لە ماددەی یەكەم نووسراوە راگرتنی كار پێ كردن (ایقاف العمل) بە بڕیارەكە، ئایا ئێمە هەڵیدەوەشێنینەوە، یان ئیلغای دەكەین، یان بەس رایدەگرین، یەعنی ئەگەر هەڵوەشانەوەیە دەبێت ئەو كەلیمەیە بگۆڕین، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم هەر ئیلغا بكرێت، نەك راگرتن بێت (ایقاف العمل)، یەعنی جارێكی تر ئیمكان هەیە بگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر بڕیارەكە تەنیا بۆ هەرێمی كوردستان بوایە ئیلغامان دەكرد، بەلأم كە بۆ هەموو عێراقە بەشی خۆمان رایدەگرین، ئەوە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئیلغای بكاتن، بۆیە راگرتنەكە راستە، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەمەودوا هەر قەرارێك کە دەمانەوێت گۆڕانکاری، یان راگرتن، یان ئیلغای بکەین هی مەجلیسی قیادەی سەورە نەصی قەرارەکە بنووسرێتەوە، چونکە ئەوە موختەسەرە نازانین نەصی قەرارەکەی ئەوان چۆنە، هەر ئەو قەرارەی کە دەمانەوێت رایبگرین، یان ئیلغای بکەین بنووسرێتەوە تا تەفاسیلەکەی بزانین، چونکە نەنووسراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ باشە، کاك عونی تەوزیحی کرد، بەڵام فەرمووو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار مجلس القيادة الثورة المرقم (1631) في 1980/10/30

يتضمن تشديد عقوبة مرتكبي الجرائم المنصوص عليها في المواد (440) والفقرتين رابعاً وخامساً من المادة (443) من قانون العقوبات الى الاعدام.

قرار مجلس القيادة الثورة المرقم (1133) في 1982/9/2

يتضمن تشديد عقوبة مرتكبي الجرائم المنصوص عليها في المواد (441 و 442) والفقرات اولاً وثانياً وثالثاً من المادة (443) من قانون العقوبات.

ئەو دوو قەرارە تەشدیدی عقوبەی ئەو جەریمانە دەکرێت کە لە ماددەکانی (440 و 441 و 442 و 443) دەکرێت، وەختی حەربی عێراق وئێرانی عقوبەکانیان کردە ئیعدام بۆ زەبت کردنی حالاتی دزین، ئێستا زروفەکە گۆڕا، حەرب نەما، کوردستان لە ئارام دایە، ئەو عقوبەیە زۆر توندە بەنیسبەت جەریمەکان کە دەکرێت لە کوردستان، واتا پرۆژەکە ئەوە تەئید دەکات حاڵەتەکە بگەڕێتەوە بۆ وەزعی تەبیعی خۆی، پێش ئەو تەعدیلاتانەی کە بەسەری هاتبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی هەندێك شکایەت و موعاناتی هەندێك زیندان هەیە، کە بۆ پەرلەمان هاتووە، لەسەر ئەوەی بە ئەو ماددەیە حوکم دراون بە ئیعدام، ماددەکەش هەندێك حاڵەتی دزی، لەسەر دیوار بازی دابوو، یان قفلی شکاند بێت لەکاتی دزینەکە بەپێی ئەو قەرارەی مەجلیسی سەورە ئیعدام دەکرێتن، رەنگە دزیەکە زۆر شتێکی خەفیف بێتن، نرخەکەی بای سەد دینار نەبوو بێت حوکمی ئیعدامی دراوە، ئەگەرچی تەنفیز نەکراوە، شکایەتیان کردووە، کە ئەم قەرارە قەرارێکی زۆر موجحیفە، زۆر توندە، چەند ساڵیشە ئەو حوکمە هەر لە زیندانە، دە ساڵ زیاتریشە حوکمەکە دراوەو تەنفیز نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە لە خاڵەکەی تر باسی دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر بۆ ئەو تەوزیحەی کاك عەونی دای حەددی ئەعلای عقوبە لە قانونی عقوبات بەنیسبەت ئەو فەقەراتانەی کە کاك عەونی ئیشارەی پێدا لە ماددەکانی (440 و 441 و 442 و 443) حەددی ئەعلای عقوبەکەی لە دە ساڵەوە تا سجنی موئەبەد بوو، ئەو دوو قەرارە تەشدیدی کردو حەددی ئەعلایەکەی کردە ئیعدام، ئێستا دەیگەڕێنینەوە دۆخی جاران حەددی ئەعلای عقوبە دەبێتە بەینی دە ساڵ و بەینی سجنی موئەبەد، بەنیسبەت ئەو ماددانەی کە کاك عەونی ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس قسەی نییە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە بە ڕەئی لیژنەی قانونی کە تەئیدی دەکەن بۆ ئیلغا کردنی، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ ئیلغا کردنی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موعتەریزە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: دووبارە کار بە سزاکانی دەقنووس لە ماددەکانی (440) و (441) و (442) و (443) لە یاسای سزاکانی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەکرێ پێش ئەوەی ئەو دوو هەموار کراوە ئاماژە پێکراوەی کە لە ماددەی یەکەم لەم یاسایەدا هەبووە کاری پێکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەر تەکمیلەی ئەویترە، ئەوت ڕاگرت، قانونە ئەساسیەکە کار پێ دەکرێتەوە، وابزانم قسەیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لە کێشەو داواکانی قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن، یان ئەوەی بڕیاری بنبڕی بۆ دەرچووە دەگرێتەوە، یان هێشتا پلەی بنبڕی وەرنەگرتووە.

بە عەرەبیەکەشی:

المادة الثالثة: تسري احكام هذا القانون على القضايا والدعاوى التي في مرحلة التحقيق او المحاكمة او التي صدر فيها قرار نهائي لم يكتسب درجة البتات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسەی لەسەر بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، من دەمەوێت لیژنەی قانونی بۆمان روون بکاتەوە، ئێمە مەبەستمان ئەوانەی حوکمی ئیعدام دراون بیانگرێتەوە، ئەوەی دەڵێت (لم یکتسب درجة

البتات)، یەعنی ئەو قەرارە ئەو کەسانە بگرێتەوە بە قەراری مەجلیسی قیادەی سەورە حوکمی ئیعدام دراون، ئێمە دەمانەوێت ئەو عقوبەیە لابچێتن قەراراتی کۆنەکە بیانگرێتەوە ئەو دەرەجەی ئیکتیسابی بەتاتە چۆنە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعەی جەنابت دەڵێی بە تەسەوری من بەو قەرارە عیلاج ناکرێتن، ئەمانە قەراری مەحاکمە، دەرچووە، ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی کردووە، بە قەناعەتی من لەو قەرارە عیلاجی ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەحاکمی کوردستان ئەو قەراراتانەیان ڕاگرتووە، هەتا ئێستا عقوبەی ئیعدام وەلەو قانونەکە مەجالی هەیە، بەڵام نەیان کردووەو، ئەو قەرارانەی کە دەرچووە لە محکەمەی تەمییزە تەسدیقیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە صیغەی ماددەکەمان بەو شێوەیە نووسیووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی من بە بیرم بێتن خەڵکێك بەو قەرارە حوکم دراوە، فەرموو کاک ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت بڕیارەکە بە ئەسەر ڕەجعی بێت، هەتا ئەوانەی کە حوکم نەدراون و تەنفیز نەکراوە بیانگرێتەوە، بڕیارەکە بە ئەسەری ڕەجعی دەربچێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی کاک ڕەشاد دەکەم بە ئەسەری ڕەجعی بێتن تا شمولی هەمووان بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تەئيدى برادەران دەكەم، من پێم وايە بڕگەكانى ئەم ياسايانە ئەوانەش بگرێتەوە، كە حوكمى بنبڕيش دەرچووە، يەعنى دەرەجەى قەتعيشى هەبووە، تەنها ئەوانەى نەگرتۆتەوە كە تەنفيز نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێم وايە ئەو رەئيەى كە جەنابى كاك شێروان باسى لەسەر كرد، بەنيسبەت ئەو حوكمانەى كە موكتەسەب دەرەجەى قەتعى بن، ياخود موكتەسەب دەرەجەى قەتعى نەبن، بەلاّم حوكمى تيا دەرچووەو چۆتە تەمييز، ئەوە بە ئەسەرى رەجعى هيچ قانونێكى جينائى ناگەڕێتەوە، بەلاّم دەكرێت بە مەشروعێكى جياواز باسى لەسەر بكرێت، ياخود تەلەبى ئيعادەى موحاكەمەيان بۆ بكرێتەوە لەو محكەمەى كە حوكمەكەى تيا دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عەونى فەرمووو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە قەوانينى جەزائى ئەسەرى رەجعى نييە، (الا اذا كان في صالح المتهم)، لێرە ئەگەر هەبێت قەرارەكە دەردەچێت كە حوكمى ئيعدامە، ماناى وايە لە بەرژەوەندى تاوانبارە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دەمەوێت لە ليژنەى قانونى پرسيارێك بكەم، ناكرێت فەقەرەيەك ئيزافە بكەين بلّێين ئەوانەى بەو قەراراتانەى مەجليسى قيادەى سەورە حوكمى ئيعدام دراون، ئيعادەى نەزەر بكرێتەوە بەپێى ئەو ئيلغاى ئێمە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئيعادەى موحاكمە شەرت و شورتى خۆى هەيە، ئەگەر ئەو شەرت و شورتانە موتەوەفير نەبێتن، ئيعادەى موحاكمە ناكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئيعادەى نەزەر، نەك ئيعادەى موحاكمە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیعادەی نەزەر ناکرێت، دەبێت قانونێکی خاص هەبێت، بەلاّم دەتوانین لێرە بڕگەیەکی ئیزافە بکەین لەسەر ئەو ماددەیە بڵێین (یشمل احکام هذا القانون، او یستفید من احکام هذا القانون المحکومون الذین صدرت علیهم عقوبة الاعدام والغیر المنفذة)، بەو حاڵەتە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئێمە یاسای لێبوردنی گشتیمان هەیە، ئایا ئەوە ناکرێت وەکو بەندێك لە یاسای لێبوردنی گشتی چارەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە عیلاقەی نییە، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت لە سەلاّحیەتی سەرۆکایەتی هەرێمەوە موعالجە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام دەتوانین لە ڕێگای ئیعادەی موحاکمە، لە موحاکمە ئەو کاتی دەتوانین (قانون اصلح للمتهم) تەتبیق بکرێتن، کە ئیعادەی موحاکمە دەکرێتەوە، محکەمە دەکرێتن، محکەمەی موختەس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم بکە کاك شێروان، یەك لە شروتی ئیعادەی موحاکمە دەڵێت (اذا کان الحکم مبنیاً علی حکم نقیضة او الغیة بعد ذلك بطرق مقررة قانونیة)، ئێمە ئێستا ئیلغای دەکەین (اذا کان الحکم مبنیاً علی حکم نقض او الغیة بعد ذلك بطرق مقررة قانونیة)، ئەوە تەریقەیەکی قانونییە بۆ ئیلغا نازانم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەتی پەرلەمان دامەزراوە تاکو ئێستا یەك قەرار وەرنەگیراوە بە هەڵوەشاندنی قەراراتی موحاکم، چونکە قەراراتی موحاکم قودسیەتی خۆی هەیەو، لە ژێر چەتری ئیستیقلالیەتی قەزا دەرچووە، هەر تەدەخولێك

له قەراراتی موحاكم بێت، دەبێت جانبی سوڵتاتی قەزائی ئاگاداری بێت، ئەو مەسەلەیە دەبێت بە تەنسیق و دیراسە بێت، بەڕاستی یەعنی ئەوە زۆر سەهل نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان من لێرە ناڵێم قەرارەكە ئیلغا دەكەین، ئێمە رەئیەك دەدەین محكەمەكە خۆی جێ بەجێی ئەو رەئیە دەكات، ئەوە شروتی داناوە، تۆ دەڵێیت (یشمل) ئەوانە، دوایێ محكەمەكە قەرار دەدات، تۆ لە جیاتی ئەوان قەرار نادەیت، هەر دەبێت محكەمەكە قەرار بدات، بەلأم ئەگەر نەصێك هەبێتن بڵێت ئەوانەی كە حوكمی ئیعدام دراون ئەو قەرارە شمولیان دەكاتن شتێكی ئاوا، ئەوەی حوكمی ئیعدام دراون شمولی قەراری ئیلغای ئێمە دەكاتن، با صیغەكە ئینجا سەرۆكی هەرێم دەسەلأتی خۆی بەكار دەهێنێتن، حوكمی ئیعدام دەكاتە موئەبەد، بەوەی دەبێتن محكەمەی تەمییز هین دەكات، كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئكیدمان كرد لە محكەمەی تەمییز، پێش تەوحیدی محكەمەی تەمییز و پاش تەوحیدی محكەمەی تەمییز، ئەو قەراراتانەی لە موحاكیمی جینایات دەرچووە راگیراوەو هیچ تەماشایان نەكردووە، بۆیە ئەو پرۆژەیە وا بە عەجەلە پێشنیار كرا، ئێمە پێشكەشی پەرلەمانی بكەین، هەتا ئیستیفادەی لێ بكەین و، هەتا قەرارەكانی كە لە پێشیتیان تەتبیقی بكەن لەسەری بەو قانونە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەو قسەیەی كە جەنابت دەڵێی موتەئەكیدی، مانای وایە ماددەی سێ هەموویان دەگرێتەوەو هیچ پێویست بە ئیزافە ناكات، ئەگەر دەرەجەی قەتعی وەرنەگرتبێت، دەرەجەی باتی وەرنەگرتبێت، پێشنیارێك هەیە ئەگەر ئەو قسەیەی كاك عەونی واقیعیەن وابێت، ئەوە هەموویان دەگریتەوە، ئەگەر واش نەبوو، ئەوە ئەو وەختی ئێمە دەتوانین نووسین، یان لێرە موعالەجەی بكەین، یان داوا لە سەرۆكی هەرێم بكەین دەسەلأتی خۆی بەكار بهێنێت، لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی ئێمە بۆ تەحویلی قەراری ئیعدام بۆ مەئەبەد، ئەوەم پێ باشترە، ئەگەر خاڵی نیزامتان نییە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارەی ئێمە تەصدیق دەكرێت لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە، زیمنەن موافەقەتی ئەوە دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوزوعێكی ترە، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە، تەبیعی ئێمەی پەرلەمان ناتوانین قانونێك دابنێین لەسەر قسەیەك، جەنابت دەڵێی لەوانەیە وابێت، لەوانەیە وا نەبێت، ئەوە قانونە دەبێت وازیح بێت، من پێشنیار دەكەم ئەو ماددەیە

بگۆڕدرێت و بەو صیغەیە بنووسرێت (تسري احكام هذا القانون على كل المحكومين الذين لم تنفذ العقوبة بحقهم والتي حددتها القرار الملغي طبقاً لهذا القانون)، بەو صیغەیەش قەراری باتی وەرگرتووەو دەیگرێتەوە (المحكومين بالاعدام).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاك سەردار زۆر لە جێی خۆیەتی، دەتوانین هەر ئیزافەی لەسەر ماددەی سێ بکەین، بەو شێوەیە دەبێت (تسري احكام هذا القانون على القضايا والدعاوى التي في مرحلة التحقيق او المحاكمة او التي صدرت فيها قرار نهائي لم يكتسب درجة البتات كما يسري على المحكومين بالاعدام الذين لم ينفذ بحقهم الاحكام الصادرة من محاكم كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەخفیزی عقوبە نییە لە ئیعدامەوە بۆ ئەوە مەشمول بێت بەو دوو قەرارە بەڕاستی، ئەوە راگرتنی دوو قەرارە، ئەو مەشروعە هیچ فەقەرەیەکی تێدا نییە، کە چارەسەری ئەو مەوزوعە بکاتن، ئێمە ئێستا بێین لە راگرتنی قەرارێکی فەقەرەیەکی تر زیاد بکەین، کە ئەوە مومکینە لە قانونی عەفو جێی ببێتەوە، بەڵام لێرە هەر جێی نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تەوزیحەی کە کاك شێروان باسی لەسەر کرد زۆر زۆر تەواوە، چونکە ئەو حوکمانە حوکمێکی حوجتەن (بما فصلت فيه) بە گوێرەی قانون، قەرارێکی قەزائییە، ئەم راگرتنەش راگرتنی نەصێکە کە وەختی خۆی عقوبەکەی موشەدەد بووە، جێگای ئەو عەفو تەخفیزەی تیا نییە بە هیچ شێوەیەك، ئیلا ئەگەر بە مەشروعێکی تایبەتی لە پەرلەمانەوە دەرچێتەوە، بڵێت ئەوانەی کە مەشمولن بە وەستاندنەوەی ئەو بڕیارە عقوبەکانیان ئەوها دابەزێ بەم شێوەیەی خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئییەکی مەعقول کاك فەرسەت دای با خۆی تەوزیحەکەی بکات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پرۆژەی قانونی عەفومان هەیە، دەتوانین ماددەیەك لەوێ ئیزافە بکەین، بڵێین هەر حوکمێك دەرچوو بێت لە محکەمە بە ئیعدام بە موجیبی قەراری مەجلیسی قیادەی سەورە، ئەو هەردوو قەرارانە حوکمە لە ئیعدام ببێتە موئەبەد، ئەوە قەزیەکە حەل بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کەواتە، خاڵی نیزام بێت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك دەکەم، من ئەو پێشنیارەم کرد نەبوو، بەڵام ئێستا پێشنیاری کاك فەرسەت دەبێتن، یەعنی ئەوە جانیبە قانونیەکەی چۆنە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری چیت کرد.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتم پرۆژەی یاسای لێبوردنمان هەیە، لەو پرۆژەیە برگەیەك ئیزافە دەکەین، کە حەلی ئەو کێشەیەمان بۆ بکات، کە ئێستا لێرە موناقەشەی لەسەرە، جەنابت گوتت نابێت، ئێستا کاك فەرسەت گوتی دەبێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با وەڵامت بدەمەوە، تۆ مەوزوعەکەت تەرح کرد، بەس نصەکەت تەرح نەکرد، ئەو وەختەش ئێمە فیکرەیەکمان نەبوو لەسەر ئەو ماددەیە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن تۆ پێشنیارێکت کرد، پێشنیارەکە سیاسیانەو عاتیفیانە بوو، ئەوە پێویستی بە قانونی هەیە، تا ئەو قانونە د ەرنەچێت، ئەو قەرارە دەرنەچێت، ئەو پێشنیارە لەوێ ناکرێت، دەبێت ئەوە دەربچێت و ئیقرار بکرێت و صادریش بێت، ئەو وەختی پێشنیار دەکرێت، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من پێشنیاری کاك سەردار هەرکی زۆر لە جێی خۆیەتی، مادده سێ موعالەجەی وەزعەکە دەکات، ئەوەش ئیزافە بکرێت لەسەری هەموو مەشاکیلەکان حەل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی جەنابی سکرتێر، من پێم وایە لەو قەرارەی ئیستیفادە ناکەن، لەبەر ئەوەی عقوبەی دزی بەپێی ماددەکانی لە قانونی عقوبات هاتووە، وەکو کاک شێروان باسی کرد لە دە ساڵ تا موئەبەدە، کەچی ئەو پێشنیارەی کاک فەرسەت دەڵێت تەنها لە ئیعدام بکرێتە موئەبەد، خۆی ئەگەر ئیستیفادەی لێ بکەن، لەوانەیە بکرێتە دە ساڵ، یان فەترەیەك، ئەوە یەك.

دوو/ کاک شێروان باسی ئەوەی دەکات، کە ئێمە ناتوانین لێرە پێشنیاری دیکە تەقدیم بکەین، ئێمە لێرە قەرارێکمان دەرکردووە، قانونێکمان دەرکردووە، دەبێت پێشانی بدەین تەنفیزەکەی چۆنە، زۆر تەبیعییە، لەسەر قسەکەی کاک عومەر دەڵێت پرۆژەکی تر تەقدیم بکەین، ئەمە ئەسڵەن ئەو پرۆژەیە تایبەتمەندە بەو مەوزوعە، بە پێویستی نابینم کە پرۆژەیەکی تر تەقدیم بکرێت لەسەر هەمان بابەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بڕیارانەی کە لە لایەن دادگا دەدرێت، بە هیچ شێوەیەك ئێمە ناتوانین بڕیارێك دەربکەین، کە ئەو بڕیارانەی دەرەجەی قەتعیان وەرگرتووە، ئێمە ناتوانین هەڵیبوەشێنینەوە، یەعنی لەگەڵ ئەوەی نیمە (لم تنفذ عقوبة الاعدام)، چونکە سزایەکە کە دەدرێتن لە لایەنی دادگا بڕیاری لەسەر دەدرێت راستەوخۆ جێ بەجێ ناکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەتوانین هەڵیبوەشێنینەوە، کاک رەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم حوکمانەی کە دراون لەسەر ئەساسی زروفێکی نائاسایی دراون، مەفروز بوو دادگاکانی کوردستان دوای تێپەڕ بوونی ئەو دە ساڵە و دوای جیا بوونەوە لە رژێم بە زروفی ئیستیسنائی مامەلە لەگەڵ تاوانباران نەکردایە، باس لە ئیستیقلالیەتی قەزا دەکرێت، کام ئیستیقلالیەت تۆ دوای پازدە ساڵ بە زروفی ئیستیسنائی ئیش بکەیت کە زروفەکە نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە پەرلەمان زووتر ئەوەی ئیلغا بکاتن، بەلأم کە ئیلغا نەکاتن، دادگا ناتوانێت لە خۆیەوە ئیلغای بکات، کاک باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی یاسای لێبوردن نایگرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەڵێت بە دزی و ناپاکی نایانگرێتەوە، کەواتە لە یاسای لێبوردن دەبێت ئەو خاڵەیان لاببەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی قانونییەوە لەگەڵی نیمە، بۆ؟ ئێمە هەڵەیەکی گەورە دەکەین، ئەگەر ئەوانە ئیعدام نەیانگرێتەوە، چونکە ئەگەر ئیعدام نەیانگرێتە، تۆ چ حوکمێکیان دەدەیت، هەیە دە ساڵی موستەحەقە، هەیە پێنج ساڵی موستەحەقە، هەیە پازدە ساڵی موستەحەقە، چۆن تەکیفی وەزعی قانونی ئەوانە دەکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرەنسیپەی کە قانونی جەزائی ئەسەری رەجعی نییە، ئیستیسنای هەیە، ئیستیسنائەکەش بە نەصێکی قانونی، ئێستاش ئێمە لێرە نەصێکی قانونی بۆ دادەنێین، ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەتوانێت ئەسەرێکی رەجعی هەبێت لەسەر ئەو حوکمانەی کە پێش ئێستا دراوە، جەسامەتی جەریمە حوکمەکەی ئیعدامە دەبێتە موئەبەد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە ئەندامی دادگای تەمیز بووم لە سلێمانی کێشەی وامان نەبووە، مەحاکمی ئەویٚ بە قەرارێکی ریئاسەی هەرێم عقوبەی ئیعدامیان ئیلغا کردووە، با زیاتر مەعلوماتتان بدەمیٚ، بەڵام لێرە لە هەولێر ئەو قەرارە سارییە، حاکمی هەولێریش ئەو کێشانەی کە حوکمی ئیعدامی لەسەر دەرچووە، ئێستا لەبەردەمی دادگای تەمیزە، پاش تەوحید تەماشایان نەکردووە، ئەوان بۆیە تەئکیدی ئەوە دەکەن کە بڕیارێك لە پەرلەمان دەربچێت، دەتوانن قەزیەکە بە ئاسانی حەسم بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە گفتوگۆی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە ئێمە ئەو دوو بڕیارە رابگرین، کە ئەو دوو بڕیارەی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوەی عێراقمان راگرت ئۆتۆماتیکیەن دەگەڕێینەوە سەر قانونی عقوباتی عێراقی و، ئەوانەی هەر جەریمەیەکیان کردووە، بەپێی ئەو قانونی عقوباتی عێراقیە سزای خۆیان وەردەگرن و لەوێوە مەحکەمە بڕیاری خۆی دەداتن، دەگەڕێینەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێ دەچێت هەندێك لە برادەران، کە دێتە سەر قەرارات و قەراراتی مەحکەمە زۆر بە تەسکی بیری لێ دەکەنەوە، هەدەف ئێمە پاراستنی ژیانی مرۆڤێکە، مرۆڤێك حەقی ئەوەی هەیە ئەگەر قەرارێکی نایاسایی دەرچوو بێت لە لایەن هەر مەحکەمەیەکەوە، هەتا ئەگەر مەحکەمەی تەمیزیش موافەقەی لەسەر کرد بێت، تەعن لەو قەرارە بدرێت بۆ پاراستنی ژیانی ئەوە، ئێمە هەمووومان قەناعەتمان وایە ئەو یاسایەی کە دەرچووە یاسایەکی دروست نەبووە، دووەم/ هەتا ئەگەر سەیری بکەیت تەنها بۆ زروفێکی حەرب دانراوەو شتێکی زۆر شاز و نا یاسایی بووە، ئێمە کە ئیمڕۆ قەناعەتمان وایە، حەقە سوور بین لەسەر ئەوەو حەقە قەرارێك دەربکەین، ئەو تێبینیانەی کاك سەردار و برادەرانی لیژنەی یاسایی کە لەوێ دانیشتوون تەبەنی دەکەن، دەبێت ئێمە چارەسەری ئەوە بکەین و رێگە نەگرین لەوەی چی بۆ ئەو خەڵکە دەکەین، کاکە کە قەرارەکەی لەسەر لا دەبەین ئۆتۆماتیکیەن دەگەڕێتەوە بۆ مەحکەمە، کە گەڕایەوە بۆ مەحکەمە، ئەوسا مەحکەمە قەرارێك دەدات بۆ هەر کەسێك زروفەکەی چۆن بووەو قەرارەکە چی بدرێت بەنیسبەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید ئەگەر ئیجازەم بدەیت زۆرمان موناقەشە کرد، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەرارەی کە دامان دوو قەرارە بۆ لابردنی ئەو قەرارەی مەجلیسی قیادە سەورەی هەڵوەشاوە، کورت و موختەسەر من 100٪ تەئیدی کاك فەرسەت دەکەم، کێشەی مەحکوم بە ئیعدام و ئەوانە لە قەراری لێبوردن جێی بۆ بکەنەوە، سوپاس.